# من تۆ (31)

## مەرگ دواهەمیین هەڵومەرج

**پۆلا سەعید**

Da ich ein Knabe war

Rettet mich ein Gott oft

Vom Geschrei und Ruhte der Menschen,

„Hölderlins“

**کە هەرزەیەک بوم**

**زۆرجار خودایەک ڕزگاری دەکردم**

**لە قیژە و لە ڕمی مرۆڤەکان،**

**هولدەرلینس**

**تێبینیی: ئەم وتارە سەرنجێکە بۆ وتاری "دڵەڕاوکێ لەبەردەم مەرگدا" نووسیینی بەڕێز فاروق ڕەفیق.**

کێشەی نەبوون یان کەمیی چەمکی ئەکادێمیی و فەلسەفیی لە پەیڤی کوردییدا یەکێکە لە کارەساتە گەورەکانی ناو ئەدەب، سیاسەت و زانستی کوردیی. دیارە چەمک لەگەڵ تەرزە و باراندا نابارێت، بەڵکوو پێویستە بەرهەمی بهێنین، بەرهەمهێنانیش بە بیرکردنەوە دەبێت. لە ئەورووپادا بە گشتیی چەمکە ئەکادێمیی و فەلسەفییەکان بناغەی خۆیان لەسەر بیرکردنەوەی یۆنانی کۆن داناوە، دەکرێت ئێمەی کوردیش سوود لەو سامانە سوبیەکتیڤییەی یۆنانی کۆن وەربگرین، دەکرێت هەر چەمکێک یان وەک خۆی یان ئەوەتا لەناو فۆنۆلۆگیی کوردییدا دایبڕێژین. ئەم کارە دەکرێت هەمانشێوە لە لاتاینیشدا پراکتیزە بکرێت. هەرچیی چەمکی مۆدێرنە، یان ئەو چەمکانەی تەواو ئیندیڤیدوویلن دەکرێت یان ئەوەتا فۆنێکی کوردیی پێبدەین یان ئەوەتا وەک خۆی بەکاریبهێنینەوە. کێشەی کەمیی چەمک، کێشەیەکی گشتیی و گەورەی نووسیینی کوردییە، هەمانکاتیش بووەتە خەمی کەمترین خەڵکی ئێمە.

فارووق باس لە هەڵە تێگەیشتنی "بوون و کات، Sein und Zeit"ەکەی هایدیگەر دەکات و سارتەر بە نموونە دەهێنێتەوە. فارووق لە دەمی سارتەرەوە دەنووسێت: "بە کورتی فەزیلەتێکی کەسیانەبوونی نییە کە تایبەت بێت بە مەرگی منەوە". بگرە تەواو بە پێچەوانەوە، ئەو کاتە دەبێت مەرگی من کە تەنیا و تەنیا من خۆم بخەمە شوێن گۆشەنیگای خوددێتییەوە. من گوومانم لەم قسەیە هەیە هیچ واتایەکی نییە، یان ئەوەتا تەواو بە هەڵە وەرگێڕدراوە. فارووق نموونەیەکی تری سارتەر دەهێنێتەوە و دەڵێ: "بەمشێوەیە ئەم دەرکەوتنە هەمیشەییەی گۆڕان لە ناو دڵی پرۆژەکەمدا ناتوانرێت وا سەیربکرێت وەکو ئەگەری من، بە پێچەوانەوە وەک مەحفکردنەوەی هەموو ئەگەرەکانە، مەحفبوونەوەیەک کە خۆی لە خۆیدا بەشێک نییە لە ئەگەرەکانی من". لە

نموونەیەکی تردا دەڵێ: "بەم شێوەیە مەرگ ئەو شتە نییە کە ماناکان بە ژیان دەبەخشێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەو شتەیە بەربنەمای پرنسیپ هەموو مانایەک لە ژیان دەستێنێتەوە“. دروستە وەرگێڕان لە هەر وڵاتێکدا خاوەنی کوالیتێتی خۆیەتی، لێ ئەمەش بەو واتایە نییە، کە دەقێک لە پەیڤی فەڕەنسییەوە وەردەگێڕدرێتە سەر ئینگلیزیی، هەمان دەق لە وەرگێڕانێکی ئەڵمانییدا نەدۆزیتەوە. واتای نییە لە پەڕتووکێکی 1156 لاپەڕەییدا، لە هیچ شوێنێکیدا دەقێک نەدۆزیتەوە، کە لە وەرگێڕانێکی تردا بەکارهاتبێت. یەکەم باش دەستنیشانەکردنی سەرچاوەکە و دووهەم ئەو کاپیتەڵەی ناو سەرچاوەکە، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە خوێنەر نەتوانێت بگەڕێتەوە سەر دەقی بە نموونە هێنراوە، یان ڕستەی وەرگێراوی ناو نووسینێک. هەر بۆیە من لە پەڕتووکی "بوون و هیچ، Das Sein und das Nichts"کەی سارتەردا بە ئەڵمانیی نەمتوانی ئەو دەقانە بدۆزمەوە، کە بە نموونە هێنراونەتەوە، ئەمەش بووە دروستبوونی کەلێن لە تێگەیشتنی مندا بۆ ئەو تێکستە. هەرچەندە فارووق تیشکی خۆستۆتە سەر "Subjectivity"، کە لە ڕاستییدا "سوبیەکت/ئێمە، Das Subjekt-Wir" یە، ئیدی نازانم بۆچیی لە ئینگلیزییدا بووە بە سوبیەکتیڤی ڕووت، لێ لەویاشدا هیچ بەدی ناکەین، هەتاوەکوو لەوێدا بتوانین واتای ڕەوانی ئەو تێکستە بدۆزینەوە. بەهەرحاڵ چۆنێتیی بەکارهێنانی کۆی گشتیی سەرچاوەکان لە گرفتێکی گەورەدان، بەهیوام لە ئایندەدا ڕەوانتر سەرچاوەکان دەستنیشانبکرێت. فارووق ڕەخنە لە سارتەر دەگرێت، گوایە سارتەر بە هەڵەدا چووە و ئەم شیکردنەوە لەسەر ئەو ئەگەری مەرگە دەکات، کە قورسایی ناو وتارەکەی فارووقە. لەڕاستییدا ئەگەر نییە بەڵکوو هەلومەرجە، هایدگەر کاتی دابەشکردووە بەسەر هەلومەرجەکانی کاتدا Möglichkeiten من ناتوانم مووگلیشکایتن بکەم بە ئەگەر، بەڵکوو هەلومەرجە. "بۆ نموونە من بەدیار کۆتەڵەدارێکەوە دادەنیشم هەتا گڕدەگرێت، لێ ئەگەر “wenn„ گڕی نەگرت چیبکەم؟ وەڵام: دەبێت ئەو هەلومەرجەی پێببەخشم، کە تێیدا گڕدەگرێت. نەوتی پێدا دەکەم و بە چەرخێک دایدەگیرسێنم. ئەمە ئەو هەلومەرجەیە، کە ئەوی تێدا دەسووتێت، نەک ئەگەر. من تەنها پێنج خولەکی ژیانی خۆم بە نموونە دەهێنمەوە، کە بۆ نموونە من لە پێنج خولەکدا لە پێنج شوێنی جیاوازم و لە هەر خولەکێکیشدا خاوەنی هەلومەرجێکی تایبەتم، کە ئێستا و ئالێرەدا ئێکیستێنسم دەسەلمێنێت. ئێستا دەنووسم، یەکێکە لە هەلومەرجەکان Möglichkeiten ئێکسیستێنسی من لەم چرکەساتەدا بریتییە لە کەسێکی نووسەر. زەنگێکی تێلێفۆن لێدەدرێت، دەست لە نووسین هەڵدەگرم و دەچم تێلێفۆن دەکەم، ئێکسیستێنسی من ئێستا و ئالێرەدا چیدی کەسە نووسەرەکە نییە، بەڵکوو کەسێکە تێلێفۆن دەکات. تێلێفۆنەکە دادەخەمەوە دەچمە سەر قەنەفەکەم ڕادەکشێم، دەبمە خاوەنی هەلومەرجێکی تر، ئەویش کەسێک، کە ڕاکشاوە. لەدوای خولەکێکی تر دەمرم، لێرەوە من بە دواهەمیین هەلومەرجی ژیانم دەگەم، لێرەوە من خۆم ئازاد دەکەم بۆ ئازادیی. ئەمە دواهەمیین هەلومەرجی ژیانی منە، کە لەدەستی نادەم Die Letzte Möglichkeit لەوێدابوون Dasein پێویستی بە بیرکردنەوەی قوڵ نییە هەتا لێی تێبگەین، کورت و پووخت یان کۆنکرێتانە دازاین Dasein بە واتای ئێکسیستێنس، وەک چەمکێکی ئۆنتۆلۆگیی، بە واتای مرۆڤ وەک چەمکێکی ئۆنتیکیی. هایدیگەر فەیلەسووفێکی جوتیارانە “Bauer„ بووە، ئەمە کەمکردنەوەی نرخی ئەو نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، پێناس لە ستیلی ژیان، بەرگپۆشیی و هەڵسووکەوتی دەکات. هادیگەر بەرلەوەی سیمینارێکی لە زانکۆدا دەستپێبکات، لە زمستانیکی زۆر بەفر کەوتوودا دەچوو تێر لێخووڕیینی بەفری دەکرد ئینجا بە جلکی وەرزشی بەفرەوە خۆی دەکرد بە هۆڵی سیمینارەکەیدا. لە نووسییندا هایدیگەر هەمیشە خاوەنی جۆرە نووسینێکی تر بووە بۆ تایبەتمەندکردنی ستیلی نووسیینی. پەیڤی نووسیینی هایدگەر، پەیڤێکی تایبەتمەند و ئیندیڤیدوویلی هایدیگەرە. بۆ نموونە لەکاتێکدا تەواوی فەیلەسووفان دەنووسن "بوون، Sein" ئەو دەنووسێت "لەوێدابوون، Dasein". لەنێوانی "بوون Sein و Dasein لەوێدابوون"دا جیاوازییەک هەیە ئەویش بریتییە لە هەلومەرج. هەلومەرج پێناسێکی دی بۆ بوونی من لێرە پەیدا دەکات. بۆ نموونە "من لێرەم، Ich bin hier من لێرە دەنووسم، Ich schreibe hier". ئەگەر وردتر سەرنج بدەین، ئەوا دەبینین، کە "لەوێدابوونی من، Mein Dasein" خاوەنی هەلومەرجە، ئێکسیستێنسی من بریتییە لە کەسێک، کە دەنووسێت. بۆ هایدگەر مەرگ وا لەبەردەمی لەوێدابووندایە. ئەو لە خۆڕا ناڵێت: “Das Ende steht dem Dasein bevor„ "کۆتایی لەبەردەمی لەوێدابووندا وەستاوە"، لێبەڵێ ئەم مەرگە بەو تێگەیشتنەی، کە هەرکاتێک بێت دێت نا، بەڵکوو تێگەیشتن و ڕاوەستانی ئەم کۆتاییە لەپێش لەوێدابووندا دەگوێزرێتەوە بۆ "بوون، Sein". واتە مەرگی لەپێش وەستاوی لەوێدابووندا وا لەبەردەم بووندا. لەوێدابوونی من ئێستا وەک کەسێک، کە دەنووسێت خاوەنی هەلومەرجێکە بۆ مردن، کە لەپێش لەوێدابوونمدا وەستاوە، ئەمەش بە واتای، کە مەرگ لەبەردەم لەوێدابوونمدا وەستاوە. ئەگەر بەم تێڕوانیینەش بڕوانینە چەمکی "پێشمەرگە"

ئەوا تەواو و ڕێکی هەڵەی ئەو چەمەکەمان بۆ دەردەکەوێت، چونکە ئەوە مەرگە لەپێش بووندا دەوەستێت نەک بەپێچەوانەوە. ژیان گۆڕانە، مردنیش بەشێکە لەو گۆڕانی هەلومەرجانە، کە هایدیگەر هەردەبێت پێیبگات و هیچ بوارێکی بۆ نامێنێتەوە، هەلومەرجێکە، کە دەبێت تێیدا بمرێت، ئەو بییەوێت یان نا هیچ لەباسەکە ناگۆڕێت. سارتەر ڕەخنەی لەم هەلومەرجە هەیە، کە تەواوی هەلومەرجەکانی تر لەناو دەبات. لێبەڵێ لەدوای مەرگ هیچ هەلومەرجێکی تر نامێنێتەوە، هەربۆیە ئەو هەلومەرجە لەدەست هایدیگەر هەڵنایەت. مەرگ هیچ پرینسیپێک لە ژیان ناستێنێتەوە، بەڵکوو خودی خۆی بەشێکە لە ژیان، ئەو دواهەمیین هەلومەرجە، کە دەبێت تیایدا بژیین Die Letzte Möglichkeit. دراوسێکەمان لە جەڕەس دەدات هەڵدەستم دەست لە نووسیین هەڵدەگرم و دەرگا دەکەمەوە، ئەمە هەلومەرجێکی تری منە، لێبەڵێ ئالێرەدا ئەمە دواهەلومەرجی من نییە یان تاکە هەلومەرجی من نییە، من دەتوانم شتێکی تریشم بوێت، بۆ نموونە لەجێی خۆم هەڵنەستم و درێژە بە نووسیین بدەم، من ئازادم لە ئاوتۆنۆمییدا بڕیار دەدەم، چونکە خاوەنی ئازادیی ویستم. لێ ئەگەر هاتوو دراوسێکەمان مرۆڤێکی زاڵدەست بوو و مەرجێکی بۆ ئازادیی ویستەکانی من دانابێت، ئەوا من تەنها توانای کردنی ئەوەم هەیە، کە ئەو داوام لێدەکات، ئالێرەدا من کەسێتیی خۆم لەکیسدەدەم و پێویستە هەرکات ئەو لە دەرگای دا، من بچم بیکەمەوە، ئیدی بەبێ گەڕانەوە بۆئەوەی، کە من ئێستا و ئالێرەدا چییدەکەم. ئەگەر هاتوو مەرگ هات، هەلومەرجێک، کە تێیدا دەمرم، من پێویستە کاتم بۆی هەبێت، من بمەوێت یان نا. لەلایەک ئەمە مەرجی ئەوە بۆ ئازادییەکانم و لەلایەکی تریش ئەمە دواهەمیین هەلومەرجی منە. ویست و نەویستنی مەرگ تەنها لە خۆکووژیی و تیرۆرکردندایە. کێشەی ترسیش لێرەدا لەلای هایدیگەر ترس نییە لە مەرگ خۆی، بەڵکوو ترسە لە ترس. ترسە لە هەبوونی ترس، "دەترسم بترسم". مەرگ لە یۆنانی کۆنەوە یەکێکە لەو چەمکانەی، کە زۆرتریین قسەی لەسەرکراوە، ڕەگی هەبوونی کات بۆ مەرگ لەلای من دەگەڕێتەوە سەر "سێنەکا، Seneca" ی ڕۆم. سێنەکاش باس لە بوونی مەرگ لەپێش لەوێدابوونەوە دەکات و لە پەڕتووکی "کورتیی ژیان،Die Kürze des Lebens" کە تەمەنی وا نزیکەی بۆ 2000 ساڵ دەچێت دەڵێ: "تۆ لە بازاڕدایت، ژیان خێرا دەکات بۆ ئەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا مەرگ لەبەردەمتدا قووتدەبێتەوە، کە پێویستە کاتت بۆی هەبێت، ئینجا تۆ بتەوێت یان نا". Seneca. Die Kürze des Lebens, S.41. لەوێدابوون Dasein وەک هەلومەرج، هەلومەرجێکە بۆ ڕزگاربوون وەک دواهەمیین هەلومەرج، کە پێویستە هەمانبێت. پێویستیی ئەم هەلومەرجە بریتییە لە گەیشتنی ئێکسیستێنس بە کۆتاییهاتنی خۆی. ڕزگاربوون بە واتای خۆبەدەستەوەدان "Sich frei geben„ بۆ مەرگ. ئازادبوون بۆ مەرگ بریتییە لە پێدانی ئامانجێک بە لەوێدابوون Dasein، لەپێناوی گەیشتنی ئێکسیستێنس بە کۆتایی خۆی. ئەم کۆتاییهاتنی ئێکسیستێنسەش ئەو دوا هەلومەرجەی Die Letzte Möglichkeit، هادیگەرە، کە هەردەبێت پێیبگات.

مرۆڤ غەم دەخوات، چونکە دەترسێت، پرسیاری هایدیگەر لەسەر ترسە. هادیگەر خۆی لە "بوون و کات"دا ترسی هەیە لە ترس. بۆ هایدیگەر ترس شوێنێکی دیارییکراو و تایبەتی نییە، کە بزانێت لێرە و لەوێ مەترسییەکان لێوەی نزیکدەبنەوە. "ئەمەش بەپێچەوانەی فارووقەوە، کە پێیوایە، ترس هەمیشە بابەتێکی دیاریکراوە لە جیهاندا". کاتێک هەڕەشەکەرەکە لە هیچ کوێیەک نییە، "ترس لەچیی" خۆی لەناوماندا کەڕاکتەریزە دەکات؟ سەمەرە نییە، ئەگەر گوێمان لە کەسێک بێت بڵێت: دەترسم، لێ نازانم لە چیی؟! ئەوەی پێویستی بە بیرکردنەوەی قوڵە بۆ تێگەیشتن بریتییە لە ترس لە هەبوونی ترس. من تەواو و ڕێک دژ بە چەمکی دڵەڕاوکێم، کە فارووق لە بری (Furcht) داینـاوە. لەلای هایدگەر { Furcht و Angst} هەیە، فورشت Furcht بریتییە لە هەستێک، کە بەهۆیەوە درک بە هەبوونی هەڕەشەیەک دەکەین، لێ بەهۆی شتێکی دڵنیاوە. ئالێرەدا من ئەم هەستە ناودەنێم سڵەمینەوە نەک دڵەڕاوکێ. ئەمەش بەپێچەوانەی نادڵنیایی ترسەوەیە Angst. ترس ئەگەر وەک خەمێکی گەورەش پێناسی بکەین، ئەوا ترس لەپاڵ ئەم خەمەدا نائارامییەکی نادڵنیایە، کە زۆرییەنەیجار بێ هۆیە. فارووق بە هەڵە پێناسی ترس و سڵەمینەوە دەکات. بۆ هایدیگەر ترس ترسی هەیە، لێ ئەو پرسیار دەکات، کە "ترس لەچیی دەترسێت wovor die Angst sich ängstet، سڵەمیینەوە لە چیی سڵ دەکاتەوە wovor die Furcht sich fürchtet ". لەلای هایدگەر ترس خۆی لە لەوێدابوونی Dasein بوون Sein دا ئاشکرا دەکات بۆئەوەی ببێتە تاکە شتێک، کە هەیە "تێبینیی: ئەمە ئەو دۆخەیە، کە فارووق بە ڕەسەنایەتیی ناویدەبات". ئەمەش بە واتای ئازادبوون بۆ ئازادیی خود هەڵبژاردن و گرتن "Sich-selbst- Wählens und -ergreifens.„. ترس لەوێدابوون Dasein دەهێنێتە بەردەم ئازادبوونی "sein Frei sein„ . ئەمەش لەپێناوی گەیشتن بە بوونی بوونەکەی

"seines Seins„ وەک هەلومەرجێک، کە هەمیشە پێناسە بۆ بوونی خۆی. کەواتە ترس لە مەرگ لە ڕەچەڵەکدا ئازادبوونێکە بۆ ئازادیی، ترس لە ترسیش، ترسێکە، کە پێناس لە ترس لە هەبوونی ئەو ئازادییە دەکات بۆ ئازادیی، ئازادبوون بۆ مەرگ.

لەلای هایدیگەر شتێک "Ein Zeug„ وەک بوون Sein هەمیشە پێویستی بە کۆی گشتییە. بۆ نموونە کاتێک من باس لە چەکووش دەکەم، هەمیشە دەبێت شتگەلێکی تری هەبێت هەتاوەکوو بوون "Sein„ی هەبێت. لەگەڵ چەکووشدا ئۆبیەکتگەلێکی تری وەک بزمار چوارچێوەیەک بۆ هەڵواسین، دیوار .... هتد.مان دەوێت، کۆی هەموو ئەم شتگەلانە پێناس لە بوونی ئەو دەکەن. هەریەکێکیش لەم ئۆبیەکتانە ئەرکێکیان لەسەرە. کەواتە لەگەڵ بووندا هەمیشە لەگەڵدابوونێک هەیە. لودیڤیگ ڤیتگنشتاین لە تراکتاتوسدا دەڵێ: جیهان کۆی گشتیی ڕاستییەکانە، نەک شتەکان. Ludwig Wittgenstein. Tractatus logico-Philosophicus. 1.1. یان لە 1.2 دا دەڵێ: جیهان لە ڕاستییەکاندا پارەپارە دەبێت. هایدیگەر دەپرسێت: لەکوێدا لەوێدابوون Dasein وەک بوون لە جیهاندا In-der-Welt-sein ئۆنتۆلۆگییانە "بوون و پرینسیپەکانی" یان باشتر بڵێم پێش ئۆنتۆلۆگیی لە خۆی دەگات؟ وەڵامی ئەم پرسیارەی هایدگەر وا لەناو لەگەڵدابوونی ژیانی ڕۆژانەدایە "Das alltägliche Mit sein„ بۆ هایدیگەر لێرەدا هەموو یەکێک یەکێکی ترە و هیچ یەکێک خودی خۆی نییە. (ئەمەش ئەو هەڵەیەیە، کە فارووقی تێکەوتووە و لەگەڵدابوون Mit sein بە شێوازێکی لەوێدابوون Dasein دەزانێت). هایدگەر "دەس مان"، "das Man" بەکاردەهێنێت، لێ ئەمەش واتای خۆی هەیە، چونکە لە دەس das دا هەمیشە دەگەڕێینەوە سەر بوون Sein. فارووق "دەس مان"ی بەشێوەیەکی تر نووسیوە "Dasman"، کە هیچ واتایەکی نییە . لە پەیڤی ئەڵمانییدا شتێک نییە بەم پێناسە، بەڵکوو "das Man„ هەیە ئەویش بەجیا دەنووسرێن، چونکە هەریەکەیان وشەیەکی جیا و تایبەتن. بۆ نموونە ئێمە وەک کورد دەڵێین پەڕتووک، لێ لە پەیڤی ئەڵمانییدا هەموو بوونەوەرێک و ئۆبیەکتێک پێشگری هەیە، کە ڕەگەزی بوونەوەر و ئۆبیەکتەکان دەستنیشان دەکات وەک "نێر، مێ، بێلایەن". پەڕتووک لە پەیڤی ئەڵمانییدا بێلایەنە دەبێت بە "دەس، "das"، "das Buch„. پەڕتووکێک بەدەستمەوەیە دەیخوێنمەوە، کەسێک دێت لێمدەپرسێت ئەم پەڕتووکەت لەکوێ بوو؟ لە وەڵامدا دەڵێم هی فلان کەسە. لێرەدا "دەس das" دەمانباتەوە بۆ "بوون،Sein". هایدیگەر لە ڕێگای ئەم "دەس،das"ەوە، دەمانبات بۆ تێڕوانین لە "daselbst„ "خوود لەوێدا" نەک لەوێدابوون. لەلای هایدگەر "دەس مان، Das Man" کاتێک وەڵامی پرسیاری: کێ بەرپرسە لە لەوێدابوونی ژیانی ڕۆژانەماندا؟ دەبێتە هیچ کەس، لەویادا هەموو لەوێدابوونێک تێکەڵ بە یەکتریی خودێتیی دەدۆڕێنێت. خەڵک یان مرۆڤ سەرەتا پێویستە خۆی بدۆزێتەوە هەتاوەکوو خودێتییەک بدات بە خۆی. بۆ هایدگەر "خەڵک، Das Man" بریتییە لە ئێکسیستێنتسیالێک Existenzial ئەمەش لە ڕەچەڵەکدا فێنۆمێنێکی پۆزەتیڤی لەوێدابوونە Dasein. لێبەڵێ هایدیگەر دەربڕینێکی دی هەیە، کە ناوی ناوە "دەس زێڵبست، Das Selbst" واتە خود. خود لە ژیانی ڕۆژانەدا بریتییە لە خەڵک یان مرۆڤ خۆی. ئەمەش بریتییە لە جیاکردنەوەیەک لە خودی خود "eigenes ergriffenen Selbst„. مرۆڤ وەک خۆی لە چاوترووکانی لەوێدابووندا پێویستە سەرەتا خۆی بدۆزێتەوە، هەرکاتێک ئەو جیهانی لەوێدابوونی خۆی درکپێکرد و خۆی لێنزیککردەوە، ئەگەر هاتوو بوونی خودی خۆی لە بوونی ڕاستیی خۆیدا بینییەوە، ئالەویادا دەچێتە ناو درکپێکردنی "جیهان"ەوە. واتە لەوێدابوون هەمیشە خاوەنی پەردە و تاریکییە، کە دژ بە خود قووتدەبێتەوە. دۆزینەوەی خود لە ژیانی ڕۆژانەی لەگەڵدابووندا وەک "خەڵک، Das Man" بریتییە لە چوونە ژوورەوە و دۆزینەوەی "جیهان".

پلاتۆن دەڵێ: ئەوە چییە، کە هەمیشە بوونە و نابێتە خاوەنی بوونبە، ئەوەش چییە، کە هەمیشە بوونبەیە و هەرگیز شتێک نییە؟ Platon. Timaios, S. 35. هەندێک شت بەردەوام خاوەنی توانای گۆڕانکارییین، هەمیشە لە شتێکەوە ئامادەی گۆڕانن بۆ شتێکی تر، لەلای پلاتۆن ئەمانە هەرگیز بوون نین، بەڵکوو بوون بریتییە لە شتێک، کە هەمیشە خۆیەتی وەک بوون نابێت بە شتێکی تر. بۆ نموونە بە یاسای شێوە "Gestaltgesetzt„ میلۆدییەک دەبێتە خاوەنی شکڵێکی تر، ئەویش بە بەکارهێنانی لە تۆنگەلێکی تری جیاوازدا. تێگەیشتن لە "بوون و کات"ەکەی هایدگەر پلاتۆنیانە دەمانگەیەنێتە جێگای خۆی. بوون بۆ گەیشتن بە بوونی بوونەکەی لە ئامادەبووندا بۆ مەرگ وەک دواهەمیین هەلومەرج بریتییە ئازادبوون بۆ ئازادیی. لە ڕاستییدا پلاتۆنیانە بوون هەرگیز نابێتە بوونبە، ئازادبوونی ئێمە لە مەرگدا گەیشتنە بە ئازادیی بوونمان وەک خۆی. ئاخر لەلای پلاتۆن جەستەی مرۆڤ بریتییە لە زیندانی ڕۆح، مرۆڤیش کاتێک دەمرێت ڕۆح ئازاد دەبێت، لێبەڵێ ڕۆیشتنی ڕۆح لەلای پلاتۆن ڕۆیشتنێکی یەکجارییە و گەڕانەوەی

نییە. کێشەی "بوو"، "دەبێت بە" بۆ پلاتۆن هەمیشە پەیوەدنییەکی ڕاستەوخۆی بەکاتەوە هەیە، بەمشێوەیە بوونی ڕاستەقینە بریتییە لەو چەمکەی، کە ناومان ناوە "کات، Zeit". پلاتۆن لە تیمایۆسدا تیشک دەخاتە سەربوونی ڕۆژەکان، شەوەکان، مانگەکان و ساڵەکان و دەڵێ: ئەمانە لەپێش دروستبوونی ئاسماندا بوونیان نەبووە، هەموو ئەمانەش بریتیین لە بەشی کات، ئەمەش "بوو"، ئەم بووەش نیشانەیە بۆ ڕابوورد، یان ئەمەش دەبێت یان دەبێت "بە". مەبەستی پلاتۆنیش لێرەدا بریتییە لە لێبوونەوەی چەند فۆڕمێکی کات، واتە ئەمانە بوون "بە". بۆ نموونە "ڕۆژ، شەو، مانگ و ساڵ ... هتد." پلاتۆن بەمەشەوە ناوەستێت و پێیوایە، کە ئێمە هەموو ئەمانەمان لە نائاگاییدا هەڵە هەڵسەنگاندووە و کردوومان بە "بوون، Sein". لەلای پلاتۆن بوونی ڕاستەقینە خاوەنی "ە، ist". ئالێرەدا دەتوانین بگەڕێینەوە سەر "لەوێدابوون، Dasein"ەکەی هایدیگەر. ئەو هەلومەرجانەی، کە تێیدا دەخەوین، تەماشای تی ڤی دەکەین، دەبینە سەرباز، بەدیل دەگیرێین ... هتد. ناچێتە خانەی بوونی ڕاستەقینەوە، چونکە ئێمە لەو بارووددۆخانەدا "Möglichkeiten„ بووینە بە کەسێک، کە خەوتووە، کەسێک، کە دیلە، یان خەوتبووین، دیلبووین ...هتد. بوونی ڕاستەقینە ئەوەیە، کە هەمیشە بووە، لێبەڵێ هەموو ئەمانە بریتییە لە لێبوونەوەی بوونی ڕاستەقینە، کە کاتە. بەم تێڕوانینە ئێمە وەک مرۆڤ بەرهەمی کاتین و بەشێکین لە لێبوونەوەکانی ئەو. دەشێت تێگەیشتن لە کێشەی بوون و لێبوونەوە و بوونبە، هەرئاوها ئاسان نەبێت، لێ مرۆڤ دەتوانێت هەمیشە لە هێنانەوەی نموونەی سادە و ساکارەوە دەرگایەک بۆ تێگەیشتن بکاتەوە. بۆ نموونە درەختێک دەبێتە کورسیی و مێز، کرمێک لە ناوەڕاستدا دەقرتێنیت دەبێتە دوان، کرمی پەپوولەیەک دەبێتە پەپوولە، کەروێشکێک نابێت بە پڵنگ .. هتد. پلاتۆن دەڵێ: "بووەبەیەک بووە (بە) وە ئەوەی دەبێت (بە)، دەبێتبەیەکە (ein Werdendes ist)، ئەوەشی، کە هێشتا شیاوی بوونبەیە، دەبێتبەیەکە، وە نەبوویەک نەبوویەکە، "dass das Nicht seiende ein Nicht seiendes ist„. Platon. Timaios, S. 57.

سەدەی بیست بەو هەموو کێشە و کارەساتە گەورانەیەوە، کە لە مێژووی مرۆڤایەتییدا تاکە سەدەیە، ئەوەندە کارەسات، دڕندایەتیی و دژە مرۆڤایەتیی تێدا ڕوودابێت، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکە لە سەدە گرنگەکانی فەلسەفە. لە سەدەی بیست دا هایدیگەر ئەو فەیلەسووفە بلیمەتەیە، کە خوێن دەداتەوە بەر فەلسەفەی زانکۆکانی ئەڵمانیا و لەوێشەوە پەلدەهاوێت بۆ سەرتاسەری جیهان. لە خۆڕا نییە، کە فۆکۆ بە ماوەیەکی کورت بەرلە مەرگی دەنووسێت "تەواوی فەلسەفەکانم لەژێر کاریگەرێتیی هایدیگەردا بەرهەمهاتووە". بۆ فۆکۆ نیچە و هایدیگەر دوو شۆکی گەورەی فەلسەفە بوون. لێبەڵێ خودی هایدیگەر هەمانشێوە لەژێر کاریگەرێتییەکی گەورەی نیچە و سورێن کیرکەرگۆردا Søren Kierkegaard بووە، کە ئێمە لە ئەڵمانیا بە کیرکەگارد ناوی دەبەین. هایدیگەر نەک لەژێر کاریگەرێتیی کیرکەگۆردا بووە، بەڵکوو تەواوی بیری بوون و کاتی لە کیرکەگاردەوە وەرگرتووە. دوو شت لە ژیانی هایدیگەردا بووەتە لێبوونەوەی تووڕەیی کەسانێک لێی، یەکەمیان ددانپێدانەنانی ئەو ڕاستییەی، کە بوون و کاتی لە کیرکەگاردەوە وەرگرتووە، دووهەمیشیان ددانپێدانەنان بەوەدا، کە پەیوەندیی هەبووە بە ناسیۆناڵ سۆسیالیستەکانی ئەڵمانیاوە. لە هەموو کەس تووڕەتر هانا ئارێندتی Hannah Arendt خوێندکاری بوو. هانا و هایدیگەر لە سەردەمی مامۆستایی و خوێندکارییدا حەز لەیەکتر دەکەن، هانا کچە جولەکەیەک و هایدگەریش وەک هەواداریکی ئادۆڵف هیتلەر. پەیوەندیی ناکۆتای هانا بە هایدیگەرەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە هایدگەر مرۆڤێکی نازیی نەبووە، لێبەڵێ ژنەکەی هایدیگەر نازیی بووە. هایدیگەر هەتا مەرگیشی ددانی بەوەدا نەنا، کە ئەندامی ناسیۆناڵ سۆسیالیستەکان بووبێت، ئەمەش تووڕەییەکی گەورەی هانای لێدەبێتەوە و هانا بە هەڵوێستێکی ترسنۆکانەی ناودەبات.

چەمکی ترس لە شیکردنەوەی مۆدێرندا زیاتر لە پسیشۆلۆگییدا قوڵبۆتەوە وەک لە فەلسەفەدا. بۆ کیرکەگۆر ترسی ڕاستەقینەی ئازادیی وەک هەلومەرجێکە بۆ هەلومەرج (واتە بۆ هەلومەرجێکی تر بەدوای ئەمدا، یان ڕاستەوخۆ گرێدراو بەمەوە). ئەم تێڕوانینە لە بوون و کاتەکەی هایدیگەردا لە فۆڕمێکی تردا دووبارە دەبێتەوە ترسی ڕاستەقینەی ئازادیی بریتییە لە ترس لە ترس، کە هەلومەرجێکی ئازادە بۆ ئازادیی. پێشتر ئاژەم بەوەدا، کە ترس خۆی لە لەوێدابوونی بووندا ئاشکرا دەکات بۆ ئەوەی ببێتە تاکە شتێک، کە هەیە. مرۆڤ لە مەرگدا دەبێتەوە بەو شتەی، کە بوونی ڕاستەقینەی ئەوە "کات". پلاتۆنیانە هەموو شت لێبوونەوەی کاتە، واتە بەرلە هەبوونی هەرشتێک "زەویی، ئاسمان، هەوا"، تەنها کات بوونی هەبووە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئاخۆ مرۆڤ تاکە بوونەوەرە ترسی لە مەرگ هەیە یاخود بوونەوەری تریش هەن، کە خاوەنی ترسن لە مەرگ؟ وەڵام: نەخێر. بەڵام بۆچیی

مرۆڤ تاکە بوونەوەرە، کە ترسی هەیە لە مەرگ؟ هەمانکات مرۆڤ دیسانەوە تاکە بوونەوەرە، کە سوورهەڵدەگەڕێت، کە سپیی هەڵدەگەڕێت. بەپێچەوانەی ئەمەوە، ئاژەڵێک لە شەرماندا سوورهەڵناگەڕێت، یان لە ترساندا ڕەنگی لەبەر نابڕێت. ئەم باروودۆخانەی، مرۆڤ ئەوەمان پێدەڵێت، کە مرۆڤ بوونەوەرێکی دەروونییە و خاوەنی "گایست"ە. کیرکەگۆر دەڵێ: " مرۆڤ بۆیە لە ئاژەڵدا ترس نادۆزێتەوە، چونکە ئاژەڵ لە سروشتی خۆیدا گایست نییە. Sören Kierkegaard. Der Begriff Angst, S 40. تەنها بوونەوەرێک، کە خاوەنی گایستە بیردەکاتەوە ئەویش مرۆڤە "تێبینی، ڤال و دۆلفین لەپاڵ مرۆڤدا دوو بوونەوەرن، کە خاوەنی ڕێژەیەکی کەمی بیرکردنەوەن، بۆیە کووشتنیان زۆرجار هەرای گەورەی لێدەکەوێتەوە". میشایل بووش دەنووسێت:"گایست لەبەردەستدایە، لێ بێ کات و شوێن {unmittelbar} وەک گایستێکی خەوبینەر. لەم خاڵەدا، کە ئەو لەبەردەستدایە، لە "زین، Sinn"ێکی دڵنیادا دەستەڵاتێکی دوژمنانەیە، چونکە ئەو هەمیشە پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆح و جەستە تێکدەدات [...] لە سەرێکی ترەوە ئەو (گایست، Geist) دەستەڵاتێکی دۆستانەیە، کە دەیەوێت پەیوەندییەکان دروستبکات. مرۆڤ چ پەیوەندییەکی بەم دەستەڵاتە دوو واتاییەوە هەیە، گایست چلۆن لەگەڵ خۆی و مەرجەکانیدا خۆی دەنوێنێت (یان چ جۆرە پەیوەندییەکی هەیە؟). ئەو وەک ترس خۆی دەنوێنێت (یان مامەڵە دەکات). Michael Bösch. Søren Kierkegaard: Schicksal-Angst-Freiheit, S.74. (تێبینی: میشایل بووش، بیرمەندێکی ئەڵمانە، دکتۆرای لە تیۆلۆگییدا هەیە و پرۆفیسۆری فەلسەفەیە لە زانکۆی پادەبۆرن، یەکێکە لەو شارەزایە باشانەی ژیان و فەلسەفەی کیرکەگۆر، بۆ هەموو ئەو خوێنەرە ئەڵمان زانانەی ئارەزووی کیرکەگۆریان هەیە دەتوانن سوود لەم پەڕتووکەی میشایل بووش وەربگرن. من خۆم بە خزمەتی خۆی گەیشتووم و قازانجێکی زۆرم لێکردووە). مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەن گایست و بیرکەرەوە، بوونەوەرێکە، کە لە مەرگ دەترسێت، ئەدی ترس چییە؟ لەلای کیرکەگارد ترس بارووودۆخێکی گایستە لەکاتی خەوبینیندا، کە دەچێتە خانەی پسیشۆلۆگییەوە. یەکێک لەو سەرنجە زۆر گرنگانەی کیرکەگارد لەسەر ترس بریتییە لە پابەندکردنی ترس بە گایستەوە. (بەداخەوە، کە لە پەیڤی کوردییدا ڕۆح بۆ هەمووجۆرە لێکدانەوەیەک بەکاردێت، ناتوانم لێرەدا گایست بە ڕۆح ناوبەرم، چونکە گایست و ڕۆح دوو شتی جیاوازن. هەرچەندە من پێشتر لە ناچارییدا ئەم کارەم کردووە، لێ هەڵەبووم. گایست چەمکێکی سوبیەکتیڤانەی ئەبستراکتە، هیچ پەیوەندییەکی بە ڕۆحەوە نییە.). کیرکەگارد بۆ گەڕان بەدوای گایستدا دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەیەکی ئایینییانەی سەردەمی ئادەم و حەوا لە بەهەشتدا. هەوڵدان بۆ کردنی خەتا، هەوڵێکە، کە دەکرێت مرۆڤ چ لەناو خۆیەوە بەرهەمی بهێنێت و چ لە دەرەوەی ئەویشدا بەرهەمبێت و ئەمیش ببێتە پراکتیزەکەری خەتا. لە بەهەشتیشدا ناسینەوە و زانین لە خاڵێکدا بووە، کە ئادەم و حەوا هەمیشە پێویستیان بە گەڕانەوە بووە بۆی، ئەویش خودا بووە. کەواتە بەبێ خودا ئادەم و حەوا خاوەنی ناسینەوە و زانین نەبوون. خەتا لە بەهەشتدا لە ڕێگای هەوڵی مارەکەوە لە ئادەم و حەوادا پراکتیزەکرا. کیرکەگارد هەوڵی مارەکە بە هەوڵێکی ناڕاستەوخۆی خودا ناودەبات، بەشێوەیەک، کە مارەکە دەکەوێتە نێوان خودا و مرۆڤەوە. کیرکەگارد دەڵێ: " لە بێخەتاییدا ئادەم وەکوو {گایست، Geist} گایستێکی خەوبینەربوو. کەواتە سینتێزەکە Synthese {دروستکردنی کۆ یان هەمووی لە پارچەکانی خۆی} ڕاست نییە، چونکە پەیوەنددارەکە ئێستا گایستە، ئەویش هێشتا وەک گایست دانەمەزراوە. لەلای ئاژەڵ دەتوانرێت جیاوازییە سێکسوالییەکان ئینستینکتانە گەشە بکەن، لێ ئابەوشێوەیە مرۆڤ ناتوانێت ببێتە خاوەنی، چونکە ئەو ئێستا سینتێزەیەکە. لەو چاوترووکانەدا، کە گایست خودی خۆی دادەبەزێنێت، سینتێزە دادەبەزێنێت، لێ بۆئەوەی سینتێزە دابەزێنێت، سەرەتا پێویستە جیاوازیی بکات و لە بەرزترین پلەی دەرەکیی {زین، Sinn}دا ئێستا، کە سێکسوالە. ئەم پلەبەرزە دەرەکییە مرۆڤ ئەو کاتە دەتوانێت پێیبگات، لەو چاوترووکانەدا، کە گایست دەبێتە ڕاستییەک. لەپێش ئەم کاتەدا ئەو ئاژەڵ نییە، لێ مرۆڤیش نییە، سەرەتا لەو چاوترووکانەدا، کە دەبێتە مرۆڤ، بەهۆیەوە هەمانکات ئاژەڵێکیشە.". Sören Kierkegaard. Der Begriff Angst, S. 41. ئەم تێڕوانینە دووالیزمییە سەبارەت بە تێکەڵبوونی مرۆڤ وەک بوونەوەرێک، کە جارێک مرۆڤە بەهۆی هەبوونی گایستەوە و جارێکیش ئاژەڵە بەهۆی نەبوونی یان لەکیسدانی گایستەوە هەمانشێوە لە بیرکردنەوەی نیچەشدا دەبینرێت، کاتێک دەڵێ: مرۆڤ هێشتا ئاژەڵێکی دڵنیاکراو نییە. Friedrich Nietzsche. Jenseits von Gut und Böse, S. 68. کە نیچە دەڵێ: هێشتا دڵنیاکراو نییە، واتە بڕیارێکی تەواوی لەسەر نەدراوە، کە ئەو وەک بوونەوەرێک ئاژەڵە یان مرۆڤە. ئەمە ئەو بارووودۆخەیە، کە کیرکەگارد باسی لێوەدەکات، بەهۆی هەبوونی گایستەوە لە چاوترووکانێکدا ئەم بوونەوەرە دەبێتە مرۆڤ، کە هەمانکاتیش وەک ئاژەڵێک دەمێنێتەوە. کەواتە چەند بوونی گایست زیاتر و جێگیرتربێت ئەوەندەش ئەم بوونەوەرە بوونی خۆی وەک مرۆڤ دەسەلمێنێت. هەمانشێوە پێشتر لە

دیدگای کیرکەگۆرەوە باسی ئەوەمانکرد، کە ئاژەڵ بەهۆی نەبوونی گایستەوە ناترسێت (ترس لە مەرگ). ئەم تێڕوانینە لـەوەمان نزیکدەکاتەوە، کە هەر مرۆڤێک نەترسا، واتای ئەوە نییە، کە مرۆڤێکی ئازایە، بەڵکوو تەواو و ڕێک بەپێچەوانەوە، مرۆڤێک، کە ناترسێت نیشانەی ئەوەیە، کە مرۆڤی ناوبراو وەک ئاژەڵەکە خاوەنی گایست نییە. نیچەش هەمانشێوە نموونـەی لەسـەر ئـاژەڵ هەیە، کە لە ئێستا و ئالێرەدا دەژیی نەک لە مێژوودا. کاتێک مرۆڤ قسە لەگەڵ ئاژەڵ دەکات نیچە پێیوایە، ئەو دەیەوێت وەڵامت بداتەوە، لێ کاتێک دەیەوێت قسە بکات بیری دەچێتەوە، کە ویستوویەتی بڵێ چیی. ئەمەش بەپێچەوانەی مرۆڤەوە، کـە هەمیشـە لە مێژوودا دەژیی و لە ڕێگای مێـژووەوە ژیـانی هەنووکـەی ئێسـتا و ئـالێرەدا خـراپ دەکـات. لـە ڕووی ئایینییـەوە مـرۆڤ بۆیـە دەترسێت، چونکە خۆی بە خەتابار دەزانێت. لێ بێتاوانییش دیسانەوە لەلای کیرکەگارد دەچێتە ژێر ڕەخنەی نەبوونی گایستەوە. کیرکەگارد ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە ترس پابەند بکرێت بە خەتاوە، یاخوود بارێکی قورسبێت بە شانی مرۆڤەوە. کیرکـەگار دەڵـێ: "ئەگەر سەرنجی منداڵان بدەین، ئەوا دەتوانین لە هەلومەرجێکی تایبەتدا ئەم ترسە وەک گەڕانێکی سەرکەشانە بەدوای دەعبایەکی مەتەڵداردا بدۆزینەوە. Sören Kierkegaard. Der Begriff Angst, S. 41 دەشێت سەرنج بدرێتە ئەوەی، کە منداڵانێک هـەن، ناترسن و بکرێن بە نموونە، بەڵام ئەمەش بۆ کیرکەگارد جێگای ڕەخنەیە، ئەو لەم بارەیەوە بە جیاوازیی لەنێوان منداڵ و ئاژەڵدا دەڵێ: " کە منداڵانێک ناترسن هیچ ناسەلمێنێت، چونکە ئاژەڵەکەش ناترسێت، ئەمەش بە واتای کەمیی گایست واتە کەمیی ترس. Sören Kierkegaard. Der Begriff Angst, S. 41 . مرۆڤ لە دەستەڵاتێکی نامۆ دەترسێت، کە دەستەڵاتی بەسەریدا ناشکێت و لەبەردەمیـدا ملکـەچی کۆتاییـەتی. ئـەم دەسـتەڵاتە نامۆیـە لـەلای کیرکـەگارد، دەسـتەڵاتێکە، خۆشەویسـت نییـە لـەلای مـرۆڤ، دەستەڵاتێکە، کە لێیدەترسێت. ترسەکەی هایدیگەر لەم ترسەیە، کە دواکات دەیەوێت بترسێت، واتە ئەم ترسە پەسـەند دەکـات و دەڵێ: دەمەوێت بترسم.

تێڕوانین لە بوون هەرئاوها ئاسان بۆمان نایەت بەدەستەوە، تەنانەت بە هاوکاریی بیرکردنەوەش دەشێت نەگەینە ئەنجامێک. چ بیرکردنەوە و چ تەماشاکردنیش پێویستیان بە ناوەڕۆکە، هەر بوونێکیش خاوەنی نـاوەڕۆک نـەبوو، بیرکردنـەوە ناتوانێـت پـڕی بکاتەوە، چونکە هەموو بیرکردنەوەیەک بەبێ ناوەڕۆک تەنها بەتاڵییە و هیچی تر. تەماشاکردنی هەر بوونێکیش بەبێ نـاوەڕۆک هەمانشێوە بێجگە لە بەتاڵیی هیچی تر نییـە. واتـە مـن بۆئـەوەی لـە بوونێـک تێبگـەم پێویسـتم بـە ناوەڕۆکێکـە، دەنـا بـەتاڵیی ناتوانێت بمکات بە خاوەنی هیچ چەمکێک. هەموو تەماشاکردنێکی منیش بۆ بوونێک، بەبێ چەمک هیچ یارمەتییـەکی مـن نـادات، چونکە، بە بۆچوونی "کانت" هەموو تەماشـاکردنێک بـەبێ چـەمک کوێرە. بـە تێڕوانینێکـی قـوڵ ڕادیکاڵانـە دەشێت بگـەین بـەو ئەنجامەی، کە بوون و نەبوون هاوتای یەک بن. لـە دیدگای هێگڵـەوە: {بـوون، Seinی ڕەوان بـەبێ هـیچ دڵنیاییـەکی تـر (یـان چەسپاندنێکی تر)، لە نادڵنیایی خۆیدا بەبێ کات و شوێن تەنها خودی خۆی هاوتا و ناهاوتا دژ بەوانی تر، خـاوەنی جیـاوازیی نییە، چ لەناو خۆیدا و چ لە دەرەوەی خۆیدا.}. G. W. F. Hegel. Wissenschaft der Logik, I, Werke 5,Erstes Kapitel, A Sein, S. 82

فارووق پێیوایە، کە هایدیگەر بیری ترسی لە فرۆید وەرگرتووە، لێبەڵێ لەمـەدا بەهەڵـەدا چـووە، وەک پێشـتر ئـاژەم پێدا، کـە هایدیگەر لەژێر کاریگەرێتیی سورێن کیرکەگارددا بووە، تەواوی بیـری ترسـی لـە کیرکـەگاردەوە وەرگرتـووە و هـەرکاتێکیش ئـەم ڕاستییەی پێگووتراوە ئـەو ڕەتیکردۆتـەوە و ئامـادە نـەبووە بڵێـت: بـەڵێ ڕاسـتە. کیرکـەگارد بـەردی بناغـەی فەلسـەفەی تـرس و ئێکسیستێنسی داناوە، بگرە ئەو باوکی فەلسەفەی ئێکسیستێنسە، بـوون، تـرس و ئێکسیسـتێنس لـەوەوە گەیشـتووە بـە جیهـان. ئێکسیستێنس وەک نوانـدنی خـود بـۆ خـود „sich zu sich selbst verhalten“ بریتییـە لـە ژیـان لـە لەوێدابوونی خـودا و بەرگەگرتنی ئەو ناخۆشییانەی، کە لە ڕێگایەوە بۆ کۆتاییپێهاتنی دێتەکایەوە. فەلسەفەی ئێکسیستێنس دەگەڕێت بەدوای دڵنـاییدا لە چێوەی ڕاتسیۆناڵدا Rational بۆ ئـەزموونکردنی بـوون لـە کۆدا. کۆش لێرەدا بریتییـە لـە کـۆی هـەموو هەلومەرجـەکانی لەوێدابوونی بوون.

نەوەکانی کیرکەگارد لە ئـەڵمانیادا نموونـەی وەک "مـارتین هایدیگـەر Martin Heidegger، کـارڵ یێسـپەر Karl Jaspers" لـە فەڕەنسادا نموونەی وەک "ژان پۆڵ سارتەر، ئالبـەرت کـامۆ"ن. هایدیگـەر لـە فەلسـەفەدا „Konkrete Furcht“ سڵەمینەوەیەکی کۆنکرێتیی لە بناغەی هەستی ترس جیادەکاتەوە، لەویادا، کە مرۆڤ سڵ لە شتێکی دڵنیا یـان چەسـپیوو ناکاتـەوە، بـەڵکوو بـە هیچ و لە هیچ شوێنێک بناغەی لەوێدابوونی بەرانبەر بە یـەکێکی تـر دادەنێت. سڵەمینەوەیەکی سووک، کـە ترسـێنەرە، لـەلای

هایدیگەر بریتییە لە بوونێکی نائۆرگینالی ئێکسیستێنتیالی لە ماڵ نەبوو لە جیهاندا "Nicht-zuhause-seins in der Welt„ .
هێگڵ دەڵێ: "هیچ، هیچی ڕەوان، بریتییە لە یەکسانییەکی ئاسان لەگەڵ خودا، بەتاڵییەکی پڕ، چەسپاندن و بێ ناوەڕۆکییە[...] لە هیچ هیچ بەرهەمدێت، هیچ بریتییە لە هیچ." G. W. F. Hegel. Wissenschaft der Logik, I, Werke 5,B.Nichts, S. 83-85

ترس بریتییە لە دەربڕینی هەستێکی بێ ئارەزوو یان بێ حەز، یاخود باروودۆخێکی ڕۆحیی، کە بەهۆی قووتکردنەوەی ناقۆلاییەکی پاشەڕۆژەوە دێتە ئاراوە. تەرمینۆلۆگییانە جیاوازیی لەنێوان ترس و سڵەمینەوەدا ئەوەیە، کە ترس خاوەنی ئۆبیەکت نییە و سڵەمینەوەش هەمیشە لەگەڵ خۆیدا ئۆبیەکتێک ڕادەکێشێتە بەردەم ئەو کەسەی، کە دەسڵەمێتەوە. ئایینەکان کاریگەرێتییەکی گەورەیان چ لەسەر ترس و سڵەمینەوە داناوە و چ تێکەڵ بە یەکیشیان کردووە. بۆ نموونە لە ئایینی کریستدا ترس لەگەڵ سڵەمینەوە لە خودا پابەندە بە جەهەننەمەوە، واتە ئەم سێ چەمکە پەیوەندییەکی چڕوپڕیان پێکەوە هەیە. ئالێرەدا لە دیدی ئایینەکەوە تاکە ڕێگا بۆ ڕزگاربوونی تاک لە ترس و سڵەمینەوە و جەهەننەم باوەڕکردنە. واتە کێ باوەڕی بە خودا و پێسوس هێنا ئەوا خاڵیی دەبێت لە ترس و سڵەمینەوە. چەمکی ترس وەک بابەتێکی فەلسەفیی گرنگ و واتادار لە کۆتاییەکانی سەدەی شیکردنەوەوە "Aufklärung„ کە لەناو ئێمەدا بە ڕۆشنگەریی ناسراوە، دێتە ناو مێژووی فەلسەفەوە. لەلای هێگڵ ترس بریتییە لە هێڵێکی پەڕینەوەی پێویست، ئەویش لە ئاگاییەوەیە بۆ خودئاگایی. مارتین هایدیگەر بیری جیاکردنەوەی ترس لە سڵەمینەوە لە "سورێن کیرکەگۆر"ەوە وەردەگرێت و دەستنیشانی ئەوە دەکات، کە ترس تەنها وەک هەڵبژاردنێکی ئازادی خودی مرۆڤ ناخوات، بەڵکوو وەک ڕوونکردنەوەیەکی ئازادی جیهان لەناو تەواوی خۆیدا. لە ترسدا مرۆڤ ئەو شتە بەڕاست وەردەگرێت، کە لە تێگەیشتنیدایە نەک وەک شمەکێک یان ئۆبیەکتێکی قووتکراوە یان لەبەردەمدا بوو، بەڵکوو ئەو "ترس"ە تەنها و تەنها لە ئەزموونی ڕوونکردنەوەی مندا هەیە و چیدی نا. تاکە جیاوازییەک لەنێوانی هایدیگەر و کیرکەگۆردا لێرەدا ئەوەیە، کە هایدیگەر پێیوایە، ترس بریتییە لە ڕاکێشانێکی بنچینەیی مرۆڤ، واتە لە لەدایکبوونی مرۆڤەوە هەتاوەکوو مەرگی لەگەڵیدا دەڕوات. کەچیی لەلای کیرکەگۆر ترس لە ڕێگای باوەڕەوە کۆتایی پێدێت. واتە دەچێتە خانەیەکی ئایینییەوە و لە ڕێگای باوەڕکردنی خوداوە مرۆڤ ئیتر ناترسێت. لە بەرانبەر کیرکەگۆر و هایدیگەردا زیگموند فرۆید ترس وەک فۆڕمێکی نەخۆشی سڵەمینەوە پێناس دەکات. ئەوەی لەلای فرۆید جێگای سەرنج و گرنگیپێدانە، بریتییە لە دەرخستنی ئامانجی ترس لە هەبوونی ترسدا. بریتییە لە داڕشتنی پاراستنی خود لە ڕێگای ترسەوە. مرۆڤ، کە لە مەرگ دەترسێت، لە ڕێگای ترسەوە هەوڵی پاراستنی خۆی دەدات. مرۆڤێکی نەخۆش لە ترسی مەرگ دەچێتە لای پزیشک و چارەی خۆی دەکات. ترس لە بنچینەدا هەستێکی نێگەتیڤ نییە، بەڵکوو بەهۆی ئەو ئەفێکتە چڕو پڕە تەنگەژەیەی، کە لێیدەکەوێتەوە، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ناخۆشیی بۆ مرۆڤ، بۆیە مرۆڤ حەزی پێناکات. ئەمە وێڕای ئەوەی، کە لەلای فرۆید خەڵکانێک هەن، کە دەترسن و لێ هیچ نێرڤۆزیتێتێکیان پێوە دیار نییە و شڵەژان داگیری نەکردوون، لێ ترس لەناویاندا بوونی هەیە. کیرکەگۆریش باس لەوجۆرە مرۆڤانە دەکات، کە هیچ ناترسن، بەمشێوەیە لێرەدا دەکرێت تەنها کیرکەگۆر چ باوکی فەلسەفەی ئێکسیستێنس و چ باوکی فەلسەفەی ترس بێت. دەشێت لێرەدا بڵێین: کیرکەگۆ هۆکاری بوونی "بوون کات"ە. کیرکەگۆر دەنووسێت:" کە مرۆڤ هەیە هیچ هەست بە ترس ناکەن، پێویستە بەوشێوەیە تێیبگەین، وەک چلۆن ئادەم هیچ هەستی پێنەدەکرد، ئەگەر بهاتبا ئاژەڵێک بوایە." (واتە تەنها بوونەوەرێک ترسی هەیە، کە خاوەنی گایست بێت). Sören Kierkegaard, Der Begriff Angst, Kapitel II, S. 50 . کاتێک هایدیگەر باس لە مەرگ وەک دواهەمیین هەلومەرج دەکات، ئەوا پابەند بە ترس مەرگ تێیدا ئامانجی ترسەکەیە، هەربۆیە دەڵێ: دەمەوێت بترسم. ترس لە ترسیش ئەوەیە، کە ترس خاوەنی ئامانجە، کە ئەویش لەدواجاردا مەرگە. دواهەمیین هەلومەرجی دازاین هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە بوونی ڕاستەقینە وەک ئامانج. فرۆید لەمبارەیەوە دەنووسێت: "مرۆڤ هەستدەکات و پێیوایە، کە گەشەی ترس هەرگیز خاوەنی ئامانج نییە. [...] ئاژەڵێکی داچڵەکێنراو دەترسێت و هەڵدێت، لێ ئامانج تێیدا بریتییە لە "هەڵهاتن" نەک بەوەی، کە دەترسێت." Sigmund Freud, Vorlesungen zur Einführung in die Psychoanalyse. Die Angst, S. 377 هەمانشێوە وەک چلۆن کیرکەگۆر و هایدیگەر جیاوازیی دەکەنە نێوان سڵەمینەوە و ترسەوە ئاوهاش فرۆید جیاوازیی دەکاتە نێوانیانەوە ئەویش وەک کیرکەگۆر و هایدگەر ئۆبیەکت پابەند دەکات بە جیاوازییەکانیانەوە، لەپاڵ ئەمەشدا فرۆید داچڵەکین زیاد دەکات بۆ هەردوو چەمکی سڵەمینەوە و ترس. بۆ فرۆید ترس پابەندە بە خۆیەوە لەکاتێکدا سڵەمینەوە ڕووی خۆی دەکاتە ئۆبیەکت. مرۆڤێک بە تەنیا لە تاریک و ڕوونی ئێوارەیەکدا بە دارستانێکدا تێدەپەڕێت دەترسێت و نازانێت لە چیی، لێ لەپڕ کابرایەک بە

دەمانچەیەکەوە یان بە چەقۆیەکەوە لەبەردەمیدا قووتدەبێتەوە و دادەچڵەکێت، تیلە وکۆنتسێنتراتسیۆنی ئەم مرۆڤە هێندەی لای دەمانچەکە یان چەقۆکەیە، کەمتر کابراکەی لا مەبەستە. ئەم مرۆڤە ئێستا سڵ لەو کابرایە دەکاتەوە، کە لەپڕ لەبەردەمیدا قووتبۆتەوە. ترس بە گشتیی لە جیهاندا واتایەکی نێگەتیڤی پێدراوە، لەکاتێکدا ئەو هۆکارە بۆ پاراستنی مرۆڤ، هۆکارە بۆ ئازادکردنی مرۆڤ. ترس ئەفێکتێکی پێویستە. فرۆید ئاماژە بە گرنگیی ترس لە داچڵەکیندا دەدات، بەوەی، کە مرۆڤ پێویستی بە ترسە هەتا لە ڕێگایەوە خۆی لە داچڵەکیین بپارێزێت. لەمبارەیەوە فرۆید دەنووسێت: "مرۆڤ خۆی بە ترس لە داچڵەکیین دەپارێزێت.". Sigmund Freud, Vorlesungen zur Einführung in die Psychoanalyse. Die Angst, S. 377

یەکێک لە ئالۆزییەکانی نێوان پسیشۆلۆگیی و فەلسەفە بریتییە لە ئازادیی لە ترسدا، پابەند کردنی ئازادیی بە ترسەوە و پێدانی مەرج بە ئازادیی لە پسیشۆلۆگییدا و لە هەبوون و نەبوونی ترسدا پێویستی چ بە ئارگۆمێنتی ڕەوانتر و چ شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە. لە پسیشۆلۆگییدا دەکرێت ترس بە ئازادییەکی دیلکراو پێناسبکرێت. سووربوونی بەشێک لە پسیشۆلۆگان لەسەر ئازادنەبوونی ئازادیی لە خودی خۆیدا جێگای سەرنج و تێڕامانە، لەمڕووەوە لەلای پسیشۆلۆگانێک ترس دڵنیاییەک یان چەسپاندنێکی پێویست نییە، ئەمە وێڕای ئەوەی، کە ئازادییش نییە. بەم تێڕوانینە لەلای ئەوان ترس دەبێتە ئازادییەکی چنراو لەناو خودی خۆیدا. ئەمەش ئەو بارووۆخەیە، کە هایدیگەر تێیدا باس لە خۆبەدەستەوەدان دەکات وەک دواهەمیین هەلومەرجی لەوێدابوون (دازاین). گەیشتن بە هەلومەرجێک، کە بوون هەمیشە باس لە بوونی خۆی تێدا بکات بریتییە لە ئازادبوون بۆ ئازادیی. لێرەدایە، کە ترس دازاین دەهێنێتە بەردەم ئازادبوونی لەپێناوی گەیشتن بە بوونی بوونەکەی "seines Seins„ . کەواتە دەتوانین بڵێین، کە مەرگ ئازادبوونێکە بۆ خودی ئازادیی. مرۆڤ بۆیە دەترسێت، دەترسێت ئازاد بێت، ئازادبوون بۆ مردن. تەواوی جوڵە هەنووکەییەکان بۆ سارتەر بریتییە لە نزیکبوونەوە بۆ ئاییندە، ئاییندەش لێرەدا مەبەست لە چوونە بۆ کۆتایی. ئاگایی بۆ سارتەر لە تەواوی چرکەساتەکانیدا بریتییە لە ڕاکێشانە ناوەکییەکان لەپێناوی نزیکبوونەوە لە ئاییندە. لەم ڕووەوە دەنووسێت:" ئەگەر بنووسم، جگەرەبکێشم، بخۆمەوە یان پشوبدەم، زینی ئاگاییم هەمیشە لە دینستانسی لەوێ، لە دەرەوەدایە. لەم زینەدا هایدیگەر ڕاست دەڵێ: " کە دازاین هەمیشە زیاترە لەوەی، کە هەیە، مرۆڤ بییەوێت دەتوانێت لەبەردەستیدا لە بوونیدا ڕێگیستیرەی بکات. Jean-Paul Sartre. Das Sein und das Nichts, C) die Zukunft 170, S. 247.سارتەر تەنها ڕەخنەی نەبووە، لەسەر دواهەمیین هەلومەرجی دازاین بۆ بوونی ڕاستەقینە، بەڵکوو تەواو و ڕێک لەژێر کاریگەرێتیی هایدیگەریشدا بووە و لەدوای کیرکەگۆر و هایدگەر یەکێکە لە گرنگترین فەیلەسووفەکانی ئێکسیستێنس لە سەدەی بیستدا. کەواتە هەڵەیە، ئەگەربێتو پێمانوابێت، کە سارتەر بە هەڵە لە هایدیگەر گەیشتبێت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ئەو لە هایدگەردا پێگەیشتووە. هایدیگەر هەموو جوڵەیەک بە هەلومەرجێکی تری دازاین دەزانێت، لە نزیکبوونەوەیدا لە دواڕۆژ، ئینجا ئەو ڕاکشابێت یان بخوێنێتەوە، یان لە شڤارتس ڤاڵددا "دارستانی ڕەش" پیاسە بکات. سارتەر ئەمەی لە هایدگەرەوە وەرگرتووە و لە کاپیتەڵی "دواڕۆژ"ی "بوون و هیچ"ەکەیدا شیکردنەوەی لەسەر دەکات، جارێک لە شوێنێکدا ئاودەدات و جارێک لە تۆپێک دەداتەوە بۆ گەڕانەوە ...هتد. کە ئەمانەش بۆ ئەو هەمووی هۆکارن بۆ نزیکبوونەوە لە دواڕۆژ، دواڕۆژێک، لێ لەلای ئەو، کە کۆتایی بە دازاینی لە بووندا دێت. سارتەر مەرگ بەو دواڕۆژە دەزانێت، کە لەناوچوونە نەک بوونی بوون لە بوونێکی ڕاستەقییندا، هەربۆیە حەزی لێ نییە بگات بەو شوێنە، یان بەو دواڕۆژە. ئێکسیستێنسی دواڕۆژ ناکرێت بهێنرێتە پێشچاو، ئەگەریش کرا، ئەوا سارتەر پەنا دەباتە بەر هایدیگەر، کە دواڕۆژ هێنانەپێشچاو تەنها بابەتیانە دەبێت و لەم خاڵەشدا کۆتایی بەوە دێت، کە وەک دواڕۆژی من پەسەند بکرێت. لەمەڕ دواڕۆژەوە سارتەر دەنووسێت: "دواڕۆژ ئەوەیە، کە من لەبۆ بوون هەمە، لەو خاڵەدا، کە من حەزم لێ نییە ببم". Jean-Paul Sartre. Das Sein und das Nichts, C) die Zukunft 170, S. 247.

دەربارەی فەلسەفەی بوون و کات هایدیگەر خودی خۆی خاوەنی ڕەخنەیە لە پەڕتووکەکەی، کە پێیوایە، خاوەنی ناتەواوییە، هەمانکاتیش باوەڕ دەکات، کە تەنانەت هەندێک خوێنەر دەزانن. ئەو پەڕتووکەکەی خۆی بە سەرکەوتن بەسەر شاخێکدا دەزانێت، شاخێک، کە سەخت و نەناسراوە، کە هەرکەسێک پێیدا بڕوات یان سەرکەوێت دەرئەنجام هەر دەکەوێتە خوارەوە، بەبێئەوەی خوێنەر درکی پێبکات. هایدیگەر ئەم ڕەخنەیەی، لە پەڕتووکەکەی خۆی لە ساڵی 1941 گرتووە، کاتێک باس لە ڕێگاونکردن لە سەرکەوتنی ئەو شاخەدا دەکات، خودی خۆی لە نووسیینی بوون و کات Sein und Zeit دا ڕێگای ونکردووە، بەشی سێهەمی

کاپیتاڵی یەکەمی پەڕتووکەکەی هەڵگرتووە، کە دوایی بینووسێت، کە پلانی تێیدا ساڵی 1928 بووە، لێ نەینووسیوە. سەرەڕای ئەوەش گرنگیی ئەم پەڕتووکە و خودی هایدیگەر خۆی شوێنێکی گەورەی لەسەر بیرکردنەوە و فەلسەفەی جیهان داناوە. وەک پێشتر ئاژەم پێدا، بەبێ کات و شوێن Sein und Zeit سارتەر نەدەبوو، بوون و هیچ Das Sein und das Nichts بوونی نەدەبوو. ئەمەش ڕاستیی بوونی هایدیگەر و سارتەرە، ئەوان هەردووکیان دوو بوونەوەری ڕاستیی بوون. ڕاستیی "بوون،Sein". لە ڕێگای ئەمانەوە، مرۆڤ ئیمڕۆ دەتوانێت زینی بوون و ژیان بخوێنێتەوە، کە گەیشتنە بە بوونی بوو. سارتەر دەنووسێت: بوونەوەری ڕاستیی ئەوەیە، کە "ئەوە هەیە". ئەوەش "بوون هەیە". خۆشەویستیی بۆ ڕاستیی خۆشەویستییە بۆ بوون و بۆ کارکردن "فونکتسیۆن،Funktion"ی ڕوونتر قووتکردنەوەی بوون Seins. Jean-Paul Sartre. Wahrheit und Existenz, S.17. بوون و کاتەکەی هایدگەر بناغەی بەرهەمە گەورە و سەرەکییەکانی فەیلەسووفانی وەک (سارتەر،هانس گیۆرگ گادامەر، هانس یۆناس، هانا ئارێندت"ە.



کوخەکەی هایدیگەر لە تۆدتناوبێرگ، ئا لێرەدا پەڕتووکی "بوون و کات، Sein und Zeit"کەی نووسیوە.

لە تێڕوانینێکی بازنەی هێرمەنۆیتیکانەدا، کە لەلای هایدیگەر بناغەی خۆی لەسەر ئۆنتۆلۆگیی لێداوە، مرۆڤ پرسیار لەسەر بوونی خۆی وەک مرۆڤ دەکات. تەنها لەبەرئەوەی، کە مرۆڤ هەمیشە لە ڕاستیی بوونیدا ڕاوەستاوە، توانای ئەوەی هەیە پرسیاری ڕاستیی لەسەر "زین، Sinn"ی بوونی وەک مرۆڤ قووتبکاتەوە. لێبەڵێ لە پرۆسەی ژیانی ڕۆژانەی لە جیهان بووندا دەستبەرداری ئەم پرسیارە دەبێت و تێکیدەداتەوە. ئەگەر لە بازنەی هێرمەنۆتیکانەوە "Hermeneutische Zirkel„ بڕوانینە بوون و کاتەکەی هایدیگەر ئەوا وەک کێڵگەی کێشەیەک دێتە بەرچاومان، چونکە تێگەیشتن لێی لە "زین،Sinn"ی دەربڕیینە کولتووریلییەکاندا چ بە تێکست و چ بە قووتکردنەوە بەستراوە بە ڕوونکردنەوەوە، چونکە تەنها لێرەدا خوێنەر شانسی گەورەی تێگەیشتنی دەبێت. بازنەیەک وەک "گادامەر،Gadamer"ی خوێندکاری هایدیگەر دەڵێ: شوێنێک لەنێوانی نامۆیی و ئاشنایەتییدا دەدۆزێتەوە. بەمشێوەیە دەشێت فەلسەفەی بوون، بەتایبەت لە بوون و کاتەکەی هایدیگەردا بە کۆمەڵ و تاکی ئێمە نامۆ بێت، ئەم نامۆییەش ببێتە هۆی تێنەگەیشتن، لێ لە ڕێگای بازنەی هێرمەنۆتیکەوە دەکرێت ئاشنایەتییەک لەنێوانی تێکستێکی وەها نامۆ و خوێنەردا دروستبکرێت. بازنەی هێرمەنۆتیی دەتوانرێت بەردەوام دووبارەبێتەوە، چونکە پابەندە بە یاسابنچینەییەکانەوە، کە "هەموو" لە پارچەکان و پارچەکانیش لە "هەموو" پێویستە پێکەوە تێیانبگەین. ئەوەی تێکستێک دەخوێنێتەوە بە زانین و ئەزموونی خۆی مامەڵەی تێکست و تێگەیشتنی دەکات، زۆریی زانین و ئەزموون، واتای شانسی هەبوونی زیاتر ڕوونکردنەوە، کە لە ڕێگایەوە دەگەین بە تێگەیشتن. کاتێک هایدیگەر پرسیار لەسەر بوون و دەکات و دەپرسێت بوون چییە؟ لێرەدا لەم پرسیارەدا زینی ئەم پرسیارە دەمانجولێنێت بۆ ئەو ڕاستییەی، کە جیهان چێوەیەکی بێ فۆڕم نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە تەواوی پارچەکان لە پەیوەندییەکی قوڵی خاوەن "زین،Sinn"دان پێکەوە. بەمشێوەیە بوون خاوەنی یەکەیەکی تایبەت و دڵنیای خۆیەتی. با چەکووش و بزمار و دیوار و مرۆڤ بهێنینە بەرچاوی خۆمان، ئەمانە خاوەنی پەیوەندییەکی خاوەن زینن پێکەوە و هەمووشیان

پێکەوە ئامانجێک دەپێکن، بۆ نموونە هەڵواسینی تابلۆیەک. بۆ تێگەیشتن لە زینی بوون، مرۆڤ پێویستە ڕوونکردنەوەی بۆ هەموو پارچەکان هەبێت، لەم ڕووەوە هایدیگەر لە ژیانی ڕۆژانەدا بۆ زینی بوون دەگەڕێت وەک پارچەکانی بوون. هایدیگەر پرسیار لەسەر زینی ژیان قووتدەکاتەوە "زینی ژیان چییە؟ لەکاتێکدا فرۆید پرسیار لەسەرئەوە دەکات، کە بۆچیی "ە"، لێرەدا بزوێن ڕۆڵێکی گەورەی هەیە، کە دەشێت لەناو ئێمەدا هێشتا بەهای خۆی پێنەدرابێت. کاتێک دەڵێین: "مردوو- ە، زیندوو- ە، پیس - ە، خاوێن - ە، ...هتد." بزوێن باس لە بوونی ئەم چەمکانە دەکات. لە ئەڵمانییدا “ist„ بەکاردێت، کە پێناس لە بوون دەکات. فرۆید دەڵێ: بۆچیی "ە، ist" شتە و "هیچ" هیچ نییە؟ بە دڵنیاییکردنی ئەوەی، کە شتێک "ە، ist"ە، هێشتا ناتوانین توانای تێگەیشتنیمان هەبێت. هایدیگەر پێیوایە، کە بوون لەناو یەکەی جیای بوونەکاندایە. وەک چەکووش، تەختە ئەمانە ناگەن بە بوون هەتاوەکوو بزمار قووتنەبێتەوە. بوونی مێزێک یان کورسییەک پێ لەسەر بوونەکان Seiende دادەگرێت "تەختە، بزمار، چەکووش". هایدیگەر چەسپاندن لەنێوانی ئۆتیک و ئۆنتۆلۆگییدا جیادەکاتەوە. کاتێک ئۆنتیکیانە بوونەکان دڵنیادەکرێت لە ئۆنتۆلۆگییدا بوون هەیە. کاتێک لە ئۆنتیکدا مرۆڤ هەیە لە ئۆنتۆلۆگییدا دەبێتە دازاین، Dasein .کاتێک لە ئۆتیکدا پەیڤ هەیە لە ئۆنتۆلۆگییدا دەبێتە قسەکردن ...هتد. بەمشێوەیە بوونەکان لە پرینسیپی بوون جیادەکاتەوە.

دڵنیایی یاخوود چەسپاندنی لەوێدابوون Dasein وەک خەم، هەروەکوو خۆی دەکاتە پێش ڕێگا و بوون پیشان دەدات، بەوەی، کە مرۆڤ زۆر لەوە زیاترە وەک لەوەی تەنها و تەنها جەستەی بێت. مرۆڤ کەسێکە لە مێژوودا و کەسێکیشە لە ئایندەدا، ئەمانە سەربە لەوێدابوونی مرۆڤن، سەرەتا یاخوود تەنها لەگەڵ ئەماندا دەبێتە "هەموو، Ganzes ". سنوری ئەمە تەنها لە کۆتاییدا دەکێشرێت، چونکە مەرگی ئەمە تەنها ڕووداوێکی یەکجارە نییە لە کۆتایی لەوێدابووندا Daseins. بەڵکوو ئەو بڕیار لەسەر لەوێدابوون دەدات، هەروەها لە ژیانیشیدا، چونکە ئەو لەپێش لەوێدابووندایە، لەپێش چێوە و کاتی بڕیارەکانی دازایندایە. کەواتە مەرگ هەمیشە لەوێیە لەپێش دازاینەوە، ئەوە ئەوە بڕیار لەسەر دازاین دەدات نەک بەپێچەوانەوە. لەناو ئەم چێوەی بڕیارەدا دازاین هەلومەرجەکان Möglichkeiten هەڵدەبژێرێت. مەرگ لێرەدا دەکرێتەوە و ئاگایی نیشانی بڕیارەکانی لەوێدابوون دەدات. دازاین بەهۆی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ مەرگدا خۆی لە "کەس، Person"دا لەگەڵ ڕابووردوویەکدا و ئایندەی خودی خۆیدا ڕێکدەخات. ئایندەیەک، کە تەنها و تەنها موڵکی ئەوە. مەرگ بەهۆی کەڕاکتەریەوە ئەم ئایندەیە لەناو دازایندا چێدەکات، کە بەرلە مەرگ هیچ شتێکی تر توانای ڕۆڵگێڕانی نییە. مەرگ تایبەتە بە خودی دازاین و تەنها هی ئەوە و هی هیچ کەسێکی تر نییە. ئەوەی تەواو جێگای سەرنجە، کە مەرگ لە بوون و کاتەکەی هایدیگەردا پێناسی نییە، چونکە مەرگ لە ڕێگای بیرکردنەوەوە پێناس ناکرێت، بەڵکوو تەنها لە چەسپاندنی ترسدا مرۆڤ دەتوانێت ئەزموونی مەرگ بکات. ترس وەک چەمکێکی ئۆنتۆلۆگیی لەلای هایدیگەر کارکردنەکەی جێگای سەرنجە، چونکە مەرگ لەپاڵ ترسدا دازاین دەکەن بە تاک و جیایدەکەنەوە لە هەموو شت، بەشێوەیەک، کە جارێکی تر گەڕانەوەی نەبێت. بەهۆی ئەم کاریگەرێتییە گەورەیەوە، کە مەرگ لەسەر ڕەوتی ژیانی دازاین هەیەتی، دازاین بۆ هایدیگەر دەبێتە دازاین وەک بوون بۆ مەرگ “Sein zum Tode„. هەروەکوو چلۆن لەلای کیرکەگۆر نەخۆشیی بۆ مەرگ هەیە “Krankheit zum Tode„. بەمشێوەیە سوڕی بەرەو مەرگ دەروازەیەکی چوونەدەرەوەیە بۆئەوەی لە ڕێگایەوە خود خۆی بڕیار بدات. لەلای هایدیگەر ئەم چوونەدەرەوەیە ژیانی تەواو و ڕێکە، کە خۆی ناخاتە دەستی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگاوە، کە مرۆڤ دەیچەسپێنێت و لێیدەگەڕێ بگووزەرێت.

07.07.2010

فلێنسبورگ